لەبەر ڕۆشنایی لێدوانی کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان

بەلاغی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیو وردبوونەوەیەك

زیرەك کەمال

هەڵبەت حزبی شیوعی کوردستان بەو پێیەی کە لەلایەك بەشێکە لە بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستانو وەکو حزبێکی خاوەن ئەزموونو قاڵبوەوە لە نێو رووداوەکاندا دەزانێت کە وڵاتە ئیقلیمەکان بە هەردوو ئاراستەی سلبیو ئیجابی توانایەکی گەورەیان هەیە لە ئاراستەکردنی رووداوەکانو بردنی گۆڕانکارییەکان بەو رووکارەی خۆیان دەیانەوێت، دیارە لەسەر زەمینی جوگرافیای هەموو گەلانی جیهانیش ئەو حاڵەتە هەیە کە دەبینن وڵاتانی دراوسێو هاوسنور توانیویانە هەم لەسەر ئاستی ئیجابی کۆمەڵکو هاوکاری یەکتری بکەنو هەم لەسەر ئاستی سلبیش گۆبەندو فەوزای سیاسیو ئاڵۆزی بۆ یەکتری دروست بکەن، ئاشکراشە گەلی ئێمەش وەکو هەر گەلێکی تری جیهان لە پاڵ هەبوونی قەوارەی سیاسیو گەیشتنی بە چەندین دەستکەوتی گرنگی نیشتمانیو نەتەوەیی لە پاڵ هەبوونی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتەکەیدا لە پاڵ ئەو واقیعو سەرەتاییە نوێیەی کە لەمەودا جۆر بە جۆرەکانی ژیانی خۆیدا دەستی پێکردووە، لەسەر ئاستی کایە جۆر بە جۆرەکانیشدا پێویستی بەسەقامگیریو سیاسیو هێمنیو بەرقەرارکردنی ئاسایشی نەتەوەییو ئابوورییەکی گەشەدارو ژیانێکی هاوچەرخانە هەیە.

هەر کەسێکیش پسپۆڕبێت لە بواری جیۆپۆلەتێكو جیوسیاسیو سنوورناسی ئەو راستییە دەزانێت کە بۆ بەدەستهێنانی هەریەك لە مانە واتا ئاسایشو سەقامگیریو ئابوورییەکی گەشەدا بە تەنها هێزو وزەو بونی ناوەکیانە بەس نین.

راستە یەك لە کۆڵەگە بنچینەییو زەمانەتە سەرەکییەکانی فەراهەم بونی ئەمانە بوونی ناوەکییە، بەڵام ئەمەش کاتێك مەیسەر دەبێتو لەسەر زەمینی واقیعدا رەنێو دەهێنرێت، کە بوونی ناوەکیو سیاسەتی نێوخۆیی توانای بەرهەمهێنانی زمانێکی سەردەمیانەی دیبلۆماسیو کارلێککردنی ئیجابیانەو ئاوێتەبوونێکی هاوسەنگیانەی هەبێت لەگەڵ دبلۆماسیەتو سیاسەتی ئیقلیمی، هەروەها دەبێت گوتاری سیاسی موتوربە کرابێت بە هزرو رۆحیەتێکی سەردەمیانەو خاوەنی هێزو وزەو بەرهەمهێنانی گوتارێکی ئەوتۆی هەبێت کە توانای قەناعەت هێنانی هەبێت بە گوتاری سیاسی ئیقلیمی کە ئێمە هەموومان لە سەرجەم ئاستو بوارەکاندا سیاسی ئابووری سەقامگیریو ئاسایشو هێمنی پێویستیمان بە هاوکاریو هەماهەنگی یەکتری هەیە، هەڵبەت یەکێك لەو هۆکارانەی وایکردووەو کەوا کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان مەسەلەی ئیقلیمی بکاتە تەوەرێکی گرنگی کۆبوونەوەکەی خۆی ئەوەیە کەوا بەشێك لە وڵاتانی ئیقلیمیو دراوسێکانی کوردستان هەر لە دوای دروست بونی ئەزموونی کوردستانو تاکو بە ئێستاش دەگات، بە جۆرێك لە جۆرەکان لە هەوڵی دەست تێخستنی کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بوونەو ویستویانە ئاراستەی رووداوەکانو بوونی خودی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بخەنە نێو حاڵەتو ئەگەری ئاڵۆزیەك کە رای گشتی جیهانی نەهێشتنی ئەو ئەزموونە بە باشتر بزانێت لە مانی تر، بەتایبەتیش هەڕەشەکانی ئەو دواییەی حکومەتی تورکیا لە هەرێمی کوردستان بە گشتیو مەسەلەی کەرکوك بەتایبەتی بە جارێك واقیعی سیاسیو بارودۆخی ناوچەکەی خستە نێو فەوزاو گومانێکی زۆرو بەمەش سەرجەم پرەنسیپەکانی دراوسێیەتی خستە ژێر پێوە، حزبی شیوعی کوردستان وای دەبینێت هەرێمی کوردستانو وڵاتە دراوسێکانی بوونیان ئەمری واقیعەو هیچ کامێکیشیان ناتوانێت نکۆڵی لە بوونی ئەویتر بکاتو هەر جۆرە گومانێکیش لەم بارەیەوە بە سلبیو زیانێکی کوشندە بۆ هەموو لایەك دەشکێتەوە، بۆیەش بە چاو خشاندنەوەیەك بە میژووی گەلاندا درك بەو راستییە دەکەین کەوا گەلانو حکومەتە دراوسێکان هەر کاتێك توانییێتیان لەسەر بنەمای هاوسەنگی سیاسەتو پاراستنی مەبدەئە بنچینەییەکانی مافی دراوسێیەتی مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا بکەن ئەوە توانیویانە بەروبوومو قازانجەکەی بچنێنەوە، رەنجدەرانی بیرو بازوو رەنگرێژکراوە، جگە لەمەش هەر بەشێکی گرنگی شوناسی حزبی شیوعی کوردستانو بگرە یەکێك لەو سێ کۆڵەگەیەی کە حزب لەسەری وەستاوە خەباتی چینایەتییە، خاڵێکی تر کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە وەکو چۆن حزب پاساوی لە دایك بوونی خۆی لە نێو هەناوی داواکاریو کێشە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی کۆمەڵگا بەدەست هێناوە، ئاراش جەماوەر بە گشتیو چینو توێژە هەژارو زەحمەتکێشەکانی وڵات، بەتایبەتی بە وزەو ئیلهامو سەرچاوەی بوون ومانو ژیانی سیاسیو رێکخراوەیی خۆی دەزانێتو هەر بۆیەش حزبی شیوعی کوردستان لە هەموو وەرچەرخانو ئاڵوگۆڕێکی نوێدا لە هاتنە پێشەوەی هەر گۆڕانکاریو قۆناغێکی تازە بابەتە لەسەر بنەمای داکۆکی کردن لە مەسەلەو کێشەو ژیانو گوزەرانی خەڵکدا گوتاری سیاسیو بابەتی خۆی دادەڕێژێت، هەر بۆیەش حزب لەهەر شکستو لە نێو هەر کارەساتو ئافات و قەیرانێکدا لە نێو هەتاوی گەرمو دڵی زیندووی جەماوەردا زامەکانی خۆی سارێژکردووە.

تەوەرێکی تری کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی تایبەت بوو بە گفتوگۆکردن لەسەر گرانی بازاڕو فراوان بوونو قووڵبوونەوەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانو راکردنی جەماوەر بە دوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیدا وەکو سووتەمەنیو کارەبا، کە ئەمەش واتا قسەکردنو ئاماژەکردن بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانو تاو سەندنو هەڵایسانی کوانووی قەیرانەکانو بێکاریو جیاوازی چینایەتیو مەسەلەی دادپەروەری لە هەموو بوارەکاندا ئەولەویاتو سەرلیستی هەموو کۆبوونەوەکانی حزبی شیوعی کوردستانە هەر لە مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی تاکو نێوەندەکانی تری خوارەوەی رێکخستن، هەڵبەت- ئەم سیاسەتو تێڕوانینو گرنگیدانەی بەردەوامی شیوعییەکانیش بە چۆنیەتی پابەندبوونی شیوعییەکانە بە مەبدەئە بنچینەییەکانی حزبەکەیانو هەروەها دەستگرتنە بە هێڵە فیکرییەکانی خۆیان کە لەسەر بنەمای داکۆکی کردن لە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلو پاراستنو داکۆکیکردن لە مافی رەنجدەرانی هێزو بیرو بازوو رەگی داکوتاوە.

*** هەر کەسێکیش پسپۆڕبێت لە بواری جیۆپۆلەتێكو جیوسیاسیو سنوورناسی ئەو راستییە دەزانێت کە بۆ بەدەستهێنانی هەریەك لە مانە واتا ئاسایشو سەقامگیریو ئابوورییەکی گەشەدا بە تەنها هێزو وزەو بونی ناوەکیانە بەس نین.**

*** دەبێت گوتاری سیاسی موتوربە کرابێت بە هزرو رۆحیەتێکی سەردەمیانەو خاوەنی هێزو وزەو بەرهەمهێنانی گوتارێکی ئەوتۆی هەبێت کە توانای قەناعەت هێنانی هەبێت بە گوتاری سیاسی ئیقلیمی**

تەنگژەی گوزەرانی چین و توێژەکانی خەڵك و دیدێك بۆ قوتاربوون

نوسینی: تەها سلێمان

ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١/٢٩ کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان -عێراق بەئامادەبوونی ژمارەیەك لە سەرکردە دێرین و کادیرە پێشکەوتوەکانی حزب، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی سیاسی کۆبوونەوەیەکی فراوانی سازدا، کەدواتر کۆبوونەوەی ناوبراو پلان کاری مەکتەبی سیاسی کەبەمەبەستی گفت و گۆکردن ئامادەکراوبوو، پاش گفت و گۆیەکی چڕو بابەتیانەی کردە لێدوانێکی ڕەسمی کۆمیتەی ناوەندی و بڵاو بوییەوە. من لەم نووسینەدا نامەوێ لەسەر تێکڕای ئەو لایەنانە قسەبکەم کەلە لێدوانی ناوبراودا هاتوە، بەڵکو دەمەوێ لەسەر لایەنی ژیان و گوزەرانی چین و توێژەکانی خەڵك و ئەو تەنگەژەیەیی کەتیایدا دەگوزەرێن و دیدی حزبی شیوعی کوردستان بۆ قوتار بوون لەو تەنگەژەیە قسە بکەم، بەمانا و بینینێکی تر دەمەوێ ڕژشنتر و بابەتیانەتر هەوڵێست و ئەجێندای جوڵەو کاری حزبی شیوعی کوردستان لەم بارەیەوە شرۆڤە بکەم، چونکە لێرەو لەوێ زۆر جار گوێمان لەوە دەبێ کە حزبی شیوعی کوردستان هەڵوێستی لەم بارەیەوە ڕوون نیە یان جۆرێك لە نارۆشنی تیایە ، بۆ پشت ڕاستکردنەوەی هەڵوێستی حزبی شیوعی لەمەڕ ئەو کێشانەی کەکۆمەڵگا پیایدا دەگوزەرێ باشترین سەرچاوە ی دیکۆمێنتی و سەلێنراو ئەو دید و بۆچوون و بڵاو کراوە ڕەسمیانەی حزبی شیوعییە کەبڵاو بونەتەوە و ڕاستەو خۆ پەیوەندییان بە کێشە و گرفتەکانی چین و توێژەکانی خەڵك و جۆری تەنگژەکانی ژیانیان و ڕێگاو جێگای دەربازبوونە لێیان. بەقەد سنووری تێگەیشتنی من حزبی شیوعی کوردستان پێی وایە لەبنەڕەتدا کۆمەڵگای کوردی پێك هاتەیەکی قەیراناوییە لەڕووی (فیکری ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری) و هتد پێك دێنێ و ناشکرێ لە هەر خوێندنەوەو ڕاڤەکردنێکدا ئەم پێك هاتە قەیراناوییە لەبەر چاو نەگیرێ، یان بە بینینێکی تر بۆ هەر خوێندنەوەو ڕاڤە کردنێك کەئەم پێك هاتەیە نەکاتە ئەجێندا و مەنهەجیەتی کاری خۆی مومکین نیە بتوانێ گوتارێکی بەدیقەت و بابەتیانە و مێکانیزمی گونجاو بۆ دەربازبوون لێی بەرهەم بێنێ. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە هەوڵ دەدەم لەبەر ڕۆشنایی لێدوانی کۆمیتەی ناوەندی حزبدا، ئەو ڕاستیە لە هەوڵێستی حزبدا بسەلێنم و بهێنمەوە پێش چاو، وەکی تر ڕاستکردنەوەی ئەو ڕایە پێچەوانەی کەلەسەر هەڵوێستی حزب هەیە و خستنە ڕووی خوێندنەوەی بابەتیانەی حزب بۆ ئەو دۆخەی چین و توێژەکانی خەڵکی تیا دەگوزەرێ و تەنگەژەکانی بەردەم ئەو شێوە ژیانە و ئەرکی بزووتنەوەی جەماوەری لەم بواردا و ئاستی بەر پرسیاریتی حکومەت لەم نێوانەدا.

دیارە لە ڕاپۆرتە لێدوانی ئاو براوی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستاندا دیاردەی (بێکاری ، گەندەڵی ئیداری، زاڵبونی هەژموونی حزبایەتی تەسك، خەرجی زیادە و بێپاوی بابەتی، نەبونی شەفافیەت، نایەکسانبوونی تۆڕی کۆمەڵایەتیو چاودێری، نەبونی سیستەمێکی گونجاو بۆ کۆنترۆڵ کردنی بازاڕو هەڵئاوسانی نرخی شت و مەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، تەنگژەی کارەباو سوتەمەنی و دابین نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتیەکانی خەڵك، بزووتنەوەی جەماوەری و ڕووبەڕوونەوەی لەگەڵ ئەو دیاردانە) بابەتی سەرەکی و شێوازێکی تری نەگونجاو کە زیان بەبەرژەوەندی گشتی بگەیەنێ. ئەم تێڕوانینە بەمانای پشگیری کردن لە نەبونی کۆی ئەو شت گەلانەی کەلە پێشا باسمان کردن و وتمان کۆمەڵگا و گوزەرانی چین و توێژەکانیان تووشی تەنگژە کردوە نایەت، بەڵکو خوێندنەوەو ڕاڤەکردنێکی بابەتیانەیە بە ئاراستەی دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆکار نامەی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەبەرامبەریاندا. هەروەك چۆن لە لێدوانەکەدا حزبی شیوعی حکومەت بەرپرسیار دەکا و دەڵێ (**هەروەها ئەرکی حکومەتە لە ئاست داخوازییەکانی جەماوەر بێت و کاری جیدی بۆ بکات، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە چارە سەرکردنی قەیرانەکانی سوتەمەنی و وزەی کاربا و پێداویستیە هەنووکەییەکانەوە هەیە**)، کەواتە حکومەت بەرپرسە لەوەی گوێ لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بگرێ و بەرنامەی گونجاوی بۆ جێبە جێکردنی داخوازییەکانی خەڵك هەبێ ، نەك بە پێچەوانەوە پشت گوێیان بخا و بە ناڕاستیان لە قەڵەم بدا و بەپاساوی جۆراو جۆر وەڵامیان بداتەوەو بە نابابەتیان ناو زەد بکا.

ئەگەر تۆزێ بەوردی ئەو ڕاپۆرتە لێدوانەی حزی شیوعی کوردستان بخوێنینەوەو دیقەتێکی بابەتیانەی بدەین، ئەو ڕاستیەمان لەلا گەلاڵە دەبێ کە بەبەر پرسیارێتییەوە مامەڵە لە گەڵ واقیعی کۆمەڵگا و تەنگژەکانیدا دەکا، لەسەر جەم ئاستەکاندا بەتایبەت ئاستەنگ و تەنگژەکانی تایبەت بە ژیان و گوزەرانی چین و توێژەکانی خەڵك. هەروەها کار بۆ ئەوەش دەکا باشترین و شیاوترین مێکانیزم بۆ گەیاندنی کێشە و گرفت و داخوازییەکانی خەڵك دەستەبەر بکا بۆ گەیاندنیان بە حکومەت و دام و دەزگا بەرپرسەکان و لە هەمانکاتیشدا کار بۆ ئەوە دەکا حکومەت لە گوێنەگرتن و کاری بێبەرنامەییەوە بگوازێتەوە بۆ گوێگرتن لە خەڵك و کاری بەرنامەیی. ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریش حزبی شیوعی کوردستان مەترسی خۆی پێشان دەدا لەو تەنگژەیەیی لە دەرگیری بوین ، چونکە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم تەنگژەیە فرە هۆکارن و بێدەنگ بوون لێیان و ڕوو بەڕوو نەبوونەوەیان گۆمەڵگا بەرەو تەنگژەی خنکێنەرتر دەبا و ڕێگاچارەش قورستر و ناڕەحەتر دەبێ. واقیعی کۆمەڵگای کوردستانیش ئەوە نیە لەسەر ئاستی ژیان و گوزەران لە تەنگژەدابێ و بەدیوەسیاسیەکەیدا کۆمەڵگایەکی سەقامگیر، بەڵکو دەتوانین بێژین بەپلەی لەیەکتری جیاواز لەسەر هەموو ئاواتەکان لەتەنگژەداین و بەردەوام ڕووبەڕوو ی چەندین پرس و ئەگەری یەکتر بڕو لەیەکتر جیاواز دەبینەوە وهەرهەموشیان وەڵامی پێویست و بابەتیمان لێدەخوازن نەك بەپێچەوانەوە، پەرۆشی حزبی شیوعی کوردستانیش ئەم دیدە بابەتیەیی هەڵگرتوەو ناشیەوێ لەدەرەوەی واقیدا بیر بکاتەوە ، بەقەد ئەوەی دەیەوێ واقیع بکاتە بنەمای بیر کردنەوەو خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی کۆی ئەو تەنگژەیەیی تیایدا کۆی ئەو تەنگژەیەیی نەوەش هێڵە گشتیەکانی سیاسەت و بەرنامەی کاری خۆی تەوزیف دەکا. بەوەزیفەی خۆیشی دەزانێ بەردەوام لەسەنگەری داکۆکی کردن لە بەرژەوەندییەکانی چین و توێژەکانی خەڵکدابێ و داکۆکیان لێبکا و حکومەتیش وەك بەرپرسیاری پلە یەك لە دابین کردنی پێداویستی و داخوازییەکانیان بناسێنێ.

لێدوانەکە لە زۆر لایەنی ترەوە چی کوردستانی و عێراقی و چی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی و بەتایبەتی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە قسەی زۆر هەڵدەگرێ ، بەڵام ئێمە تەنها لایەنێکمان هەڵبژارد بۆ قسەکردن ئەویش لایەنی تەنگژەی گوزەرانی خەڵك و بزووتنەوەی ناڕازی لە نێو خەڵك لەو تەنگژەیە و هەڵوێستی حزبی شیوعی کوردستان لەو مەسەلەیە و ئەرکی حکومەت لەم ئاستەدا.

*** بەقەد سنووری تێگەیشتنی من حزبی شیوعی کوردستان پێی وایە لەبنەڕەتدا کۆمەڵگای کوردی پێکهاتەیەکی قەیراناوییە لەڕووی (فیکری ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری) و هتد پێك دێنێ**

***بێگومان پشتگیری حزبی شیوعی ناچێتە چوارچێوەی پشتگیری لەو کارو کردەوە خوڕسکیانەی کەبێبەرنامەن و ئامانجێکی دیاری کراوییان نیە و لەبنەڕەتدا زیان بە خودی بزووتنەوەی جەماوەری و داخوازییە ڕەواکانی خەڵك دەگەیەنێ.**